کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 22:15 15-9-2007

## پژاک-یش با وەک دیموکراتەکان پەرو باڵ نەکرێ! ... ڕزگار حەساری

zerdesthesari@maktoob. com

ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی 2007/9/7، لە هۆڵی شازاد ئاییب لە سلێمان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بۆ کۆمەڵێك کەناڵی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و عەرەبی و جیهانی، مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق، چەندین پرسی گرنگی وەك: ((جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستوورو هاتنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و نیشتنەوەی لە شاری ڕومادی و ، تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و .... هتد، ورووژاند.
سەرەتای وتەکانی بەڕێز تاڵەبانی بەو ڕەوشەی کە بۆ (3) هەفتە زیاترە جمهوری ئیسلامی ئێران و ناو بە ناو تورکیاش، ناوچە سنوورییەکان تۆپباران دەکرێ، دەستی پێکرد.
هەر چەندە بەڕێزیان، لە پێشدا ئیدانەی هەردوو وڵاتی بەناو "دۆست!"ی کرد، وەلێ لە تەك ئەوەشدا، ئینزاری دەرەجە ـ ج ـی ئاراستەی (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) کردو گوتی: ((.... ئێمە دوو حزبی دیموکرات و دوو کۆمەڵەمان داڵدە داوە لە کوردستان، چونکە بەڵێنیان پێداوین شەڕ نەکەن لە ئێران، تەنانەت ئێران بۆ پژاك ـیش پێمان دەڵێن: ئەگەر پژاك ـیش وەکو ئەو دوو حزبە دادەنێن و لە شوێنێك و داڵدەیان دەدەن، ئێمە ڕێگریمان نییە.... )) .
ئەوەی لەم برگەیە بەرچاو دەکەوێ و بە پێی تێگەیشتنی ئەز، باس لە شتێك کراوە زۆر زۆر لە توانای ئێمە، وەك دەسەڵاتی کوردی، گەورە ترە، ئاخر داڵدەدان وشەیەکی زۆر گەورەیەو مانای پارێزگاری کردن و خۆ گۆڕینەوەیە لەسەر کەس، یان لایەنی داڵدەدراو، ئەگەرنا مانای وشەی (داڵدە) بەتاڵ دەبێتەوە!، لە کاتێکدا ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بەرپەرچی ئەو دەستانەی بدایەتەوە کە بەردەوام زەفەری نامەردانەیان لەو لایەنانە ـ بە تایبەتی تێکۆشەرانی دیموکرات- دەوەشاند، هەنگینێ داڵدەدان لە وشەیەکی ئاساییەوە بەرجەستەی واقیع دەکرا. بەڕاستی دوژمنانمان هێندە درندە و دیکتاتۆرو فاشین، ڕەچاوی هیچ جۆرە دۆست و دراوسێیەتییەك ناکەن و هەروا هیچ ئیعتیبارێ بۆ وەعدو بەڵێنی خۆشیان دانانێن.
لەوەدا کە ئێران پێمان دەڵێن: ((پژاك ـیش وەك دیموکراتەکان دابنێن، ئێمە ڕێگریمان نییە)) !! دەبێ بەڕاستییان بێ؟ هیچ جۆرە ڕێگرییەکیان نەبێ؟! یان وەکو پێشەی هەموو کەرەتێ ئێمەی پێ فریو و لە خشتە دەبەن، ئاخر بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە هەردوو دیموکرات و دوو کۆمەڵەمان لە پەنای (بەهێزو پتەو!) ی خۆمان داڵدە داوە، بە سەدان سەرکردەو کادری ئەو لایەنە داڵدەدراوانە! بە دەستی ئێران و بە کرێگیراوانیان شەهید و سەرنگوم کراون.
"ئێمە ڕێگریمان نییە!!"، دەسەڵاتی کوردی لەو کاتەی ئەو بەڵێنەی لە ئێرانی دۆست! وەرگرت، دەبوو کەمترین زەمانەتی هەر ڕێگری کردنێکی وەربگرتایە، ئاخر تا ئێستا زیاتر لە (420) تێکۆشەری ئەو لایەنە داڵدەدراوانە!، ـکە بەس داڵدە نەدراون- لە شاخەکان و لە کاتی چالاکی پێشمەرگایەتی، نا، بەڵکو لە ناو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردی و بە تایبەتی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری شەهید کراون، دەی ئەگەر ئەمە ڕێگری و چەتەی و حیساب بۆ دەسەڵاتی کورد نەکردن نەبێ، دەشێ ناوی چی لێ بنرێ؟؟!
پێم باشە مشتێك لە خەرواری "ئێمە ڕێگریمان نییە"ی کۆماری ئیسلامی ئێران بخەمە ڕوو، بەو مەبەستەی تێکۆشەرانی پژاك دیلی قەفەسی داڵدەدان نەبن، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

1- لە مەرزی باشماخ و بناری قەندیل، نا. بەڵکو لە شاری ڤیەننا لە ڕۆژی 1989/7/12دا، هاوڕێی تێکۆشەرو مامۆستای ڕێبەر دوکتور عەبدوڵەحمان قاسملو و کاك عەبدوڵڵای قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە کاتێکدا لەسەر مێزی وتوێژی ئاشتی! بوو، لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتبوون شەهید کران، لەو کارە نامەردانەیەدا، دوکتور فازل ڕەسول-یش کە کوردی عێراق و مامۆستای زانستگە بوو لە ڤیەننا بە دەستی ئەو تیرۆریستانە شەهید دەبێ.



ڕاستە وتراوە "دوژمن بوو بە پرد بەسەریا مەپەڕەوە".



2- سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 1994/11/9 چوار فرۆکەی ڤانتۆمی سەربازی ئێرانی سنووری کوردستانیان بەزاندو لە قوڵایی (100) کیلۆمەتردا بۆردومانی بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە ناوچەی کۆیەدا کرد، لە ئەنجامدا (3) پێشمەرگە بریندار بوون، هەروا بە هۆی سەرکردنی سارۆخێك بۆ گوندێکی نزیکی کۆیە کچێکی دانیشتووی گوندەکە شەهید بوو.

3- ڕۆژی 1995/3/18 ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، فشار کرایە سەری و ماوە نەدرا بەرنامەکانی بڵاوبکاتەوە.




لە هەمان ڕۆژدا هونەرمەند علی خانەقینی بەم کاریکاتێرە هەڵوێستی بەرامبەر هێرشەکە دەبڕی

4- شەوی 26 لەسەر 1996/7/27 هێزێکی چەند هەزار کەسی لە سوپای پاسدارانی ئێران بە هەموو جۆرە چەکێکی قورسی وەك تۆپخانەو کاتێوشاو تانکەوە لە سنووری مەریوانەوە هاتە ناو خاکی کوردستانی عێراق و بە ناو شاری سلێمانی بەرەو ناوچەی کۆیە کە بنکەکانی دەفتەری سیاسی حدکای لێ بوو بە ڕێکەوت و ، شەوی 7/28 لە زۆر نوختەی ستراتیژی دەوروبەری کۆیە دامەزران، هێزە پەلاماردەرەکە لە سەعات 5ر6ی سەر لە بەیانی بە خەستی تۆپبارانی بنکەکانی حزب و ئۆردوگای کوردە ئاوارە ئێرانییەکانی دەست پێکردو پاشان هێرشی زەمینی بۆ سەر بنکەکان کراو شەڕێکی قورس لە نێوان پاسداران و پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دەستی پێکرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بنکەکانی حدکا زیاتر لە (100) کیلۆمەتر لە سنووری نێو دەوڵەتی ئێرانەوە دوور بوو. ئەی ئەگەر ئەمە ڕێگری نەبێ، ئاخۆ ڕێگری دەێ چۆن بێ؟.

5- ڕۆژی 1997/2/14 دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕایەگەیاند کە دوو لە خەباتگێڕانی حزبی دیموکرات، لە شاری سلێمانی بێ سەرو شوێن کراون، پاش چەند ڕۆژێك گەڕان و سوڕان، سەرەنجام ڕۆژی 1997/2/9 تەرمی لەت و پەتکراویان لە دەوروبەری شاری سلێمانی دەدۆزرێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6- رۆژی 6/نیسانی/1997 دەفتەری سیاسی حدکا لە بانگەوازێکدا، کۆماری ئیسلامی ئێران و بەکرێگیراوانی بەوە تاوانبار کرد کە (60) پێشمەرگەی حزبەکەیان بە مادەی (پالیوم) ژەهر خواردوو کراون، هەر لە پایزی رابردووش (3) پێشمەرگەیان ژەهر خوارد کران و دووانیان شەهید بوون.
7- سەر لە بەیانی رۆژی 1997/5/5 لە شاری هەولێر کادیرێکی حدکا بە ناوی (لەتیف نەقشبەندی) بە دەمانچەی بێ دەنگ تیرۆر کرا، شەهیدی ناوبراو زیاتر لە 25 ساڵ لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا بووە.
8- پێش نیوەڕۆی 1997/8/14 لە نزیك مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی چەند تیرۆریستێك تەقەیان لە دوو تێکۆشەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد، لە ئاکامدا ئەوان و دوو هاووڵاتی شاری سلێمانی، شەهید بوون و یەکێکیش بریندار بوو. شەهیدەکانی حدکا "غالب علیزادەو ئەمجەد مەلایی" بوون یەکێك لە هاووڵاتییە شەهیدەکانیش ناوی فاتح و خەڵکی چەمچەماڵ بوو
9- نیوەڕۆی رۆژی 1997/8/19 لەسەر شەقامی گشتی نێوان دوکان- سلێمانی دەستەیەك تیرۆریست خۆیان لە بۆسە نابوو و لە ناکاو تەقەیان لە پاسێك کرد، کە تەواوی سەرنشینەکانی پێشمەرگەی حزبی دیموکرات بوون و لە ئەنجامدا (3) پ. م بە ناوەکانی (سەعدی مرادی، ئارمان زەکالا و ئیسماعیل نەمەکی) شەهید بوون و (9) پێشمەرگەی تریش بریندار بوون.
ئەمەی سەرەوە چەند نموونەیەکن، تەقریبەن لە ماوەی ساڵ و نیویك روویداوە و زۆربەشیان لە سلێمانی و دەوروبەری بووە، دیارە ئەمە دڵ سافی و کەم دەسەڵاتی ئێمە دەردەخات و هەروەها دەستەواژەی (ئێمە رێگریمان نییە) سەد دەر سەد رەت دەکاتەوەو فێڵ و تەڵەکە و درندایەتی ئەو رژێمەمان بۆ دەخاتە روو، بۆیە وا باشترە پڕاك خۆیان چارەنووسی خۆیان دەست نیشان بکەن، نەك ئێمە لە قەفەس-یان بخەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.